**Kurdistan Regional Government**

# زاراوەی سۆرانیی باشوری کوردستان و زمانی ستاندارد؟!

ماوەیەک پێش، 53 رۆژنامەنووس، شاعیر و سیاسەتڤانی باشوری کوردستان داوایان کرد، زاراوەی دوو شاری هەولێرو سولەیمانی لەلایەن حکومەتی کوردستانەوە بۆ 30-40 ملیۆن کورد بە "زمانی ستاندار" و یەکگرتووی کورد راگەیەندرێ. لەسەر ئەو داوایە پرۆپاگەندەیەکی زۆرکرا. زۆر بابەتی لەسەر نووسرا. چەند کەسێکیش لەسەر بڕیاری حکومەت ڕانەوەستان و ئەو زاراوە سەیرو سەمەرە سەقەتەیان بە زمانی یەکگرتووو ستانداردی کوردیی ناونا.

ئەو بابەتەی کە بەو ناوە:

"کۆڕی زانستی کورد و قەیرانی زمانو ڕێنوسە ئەستانداردەتە ساوەکەی. "

بڵاو کراوەتەوە، هەڵوێستی کارگێڕێکی حکومەتی کوردستانە کە، بۆ لایەنگریی لە داوای پڕ لە سەیرو سەمەرەی ئەو پەنجاو سێ کەسەی کە باس کرا نووسراوە.

کەسانێک کە داوایەکی ئەوتۆیان کردبوو، لانی کەم زەحمەتیان بە خۆیان نەدابوو، بەرهەمێکی شیاوی سەرنج لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان یان لە زانستەیلی ئەمڕۆی جیهان دەستنیشان بکەن کە بەو زاراوەیە نووسرابێ. کەسێک کەمترین شارەزایی لە سەر زمانی کوردیی هەبێ و سەیرێکی وتاری ڕادیۆیی، ئاخاڤتنی تەلەفیزیۆنیی، وتووێژی سیاسەتڤان و رووناکبیرانی باشور ونووسراوەی جۆراوجۆری رۆژنامەکان بکا، لە شلو شەویقیی و هەرچیوپەرچێتیی، نەقوستانیی و شێوە نووسینی ناتەواوی ئەو زاراوەیە سەری سووڕ دەمێنێ.

زمان دەزگاییەکی داڕێژراو لە نیشانەو هێمایە. مرۆڤ بۆ ئاخاڤتن و نوسین ئەو نیشانەو هێمایانە هەڵدەبژێرێ کە لە کۆمەڵگادا هەن و خوێنەرو گوێگر دەیانناسن. کەسێک دەقێکی حقووقیی یان ئەدەبیی بنووسێ دەبێ، هێما و نیشانە و ڕێزمانی زمانەکەش بناسێ و بزانی.

ئەو وتارە دوورو درێژەی نووسەری حکومەت کە دەکرێ لە سێدێڕدا کورتبکرێتەوە نموونەیەکە لە ناتەواویی ئەو زاراوەیە. بڕوانە ئەوە سەردێرەی نووسەری وتارەکە:

"کۆڕی زانستی کورد و قەیرانی زمان و ڕێنوسە ئەستانداردەتە ساوەکەی"

ستروکتور و بینای زمان نەگۆڕە. ئەو ئەسڵ و بنەما سەرەکییە بۆ زۆربەی قەڵەمبەدەستانی باشووری کوردستان نائاشنایە. زۆربەی نووسەرانی باشوور، شارەزای ستروکتوری زمانی کوردیی نین. نیشانەو هێما قەراردادییەکانی زمانی کوردیی بە باشیی ناناسن. دەسماڵێ شانەوشانی سەر کولێجەی مەخمەری چەسپی نێوقەد تەنگ و دەسرۆکە حەرێری شل بەستراوی دەوری کەمەری کیژی زمانی کوردیی لەژێر دزداشە و عەباو عەگال و فۆتە و نێوچاوان پێچ و مەقنەی زمانی عەڕەبیی دا دەشارنەوە و دەیبەنە کۆڕی گۆوەند و زەماوەندان.

هەر بەو جۆرە، بیرو فکر و شێوەی دەربڕینی زمانی کوردیی دەڕێژنە نێو قاڵبی زمانی عەڕەبییەوە و بە ناوی کوردیی بڵاوی دەکەنەوە. لەبەر ئەوە ئەو کارەساتە بەسەر زمانی کوردیی دێنن کە لەمیدیاکاندا دەیانبینین.

با سەردێرەی وتارەکەی نووسەر بخەینە بەر باس .

**کۆڕی زانستی[زانستیی]، وەرگێردراوی بەهەڵەی '' ا لمجمع العلمی'' یە کە دواتر کرا بە '' ''کۆڕی زانیاریی''. هاوکوف یان هاوڕیزی ئەو وشەیە لە زمانی فارسیی‌دا '' فرهنگستان'' ە.**
**ماناکردنەوە دوو وشەی تێکخراوی ''المجمع العلمی'' عەرەبیی بە'' کۆڕی زانستی'' ناتەواوە. چونکە لە زمانی عەرەبیی‌دا ناوی مەکان و زەمان و مصدر میمی ،تاکە قاڵبێکیان( صیغە) هەیە و سێ مانای جیاواز. وەکو مجمع، منظر، مشهد، مغسل... کە هەرکام سێ‌مانای هەیە و هەر مانایەکیش لە جێی‌خۆی‌دا ڕاستە. وەکو مجمع بە مانای، '' جێی‌کۆبوونەوە( اسم مکان)، بە مانای زەمانی کۆبوونەوە( اسم زمان) و خۆدی کۆبوونەوە ( مصدر میمی)''. کاتێ ئەو وشەیە دەکرێتە کوردیی تەنیا یەک مانای دەبێ. لەبەر ئەوە خوێنەری کورد بۆی نییە بە پێوانەی زمانی عەرەبیی لە مێشکی خۆی‌دا مانایەکی دیکە لۆ خۆی بخولقێنێ کە ناتوانێ بینووسێ و هێمایەکی واشی نییە کە بۆ خوێنەر بناسرێتەوە کە مەبەستی نووسەر لە وشەی کۆڕ، شوێنی کۆبوونەوە یە یان ئەو تاقمەی کۆ دەبنەوە، یان حاڵەت و کاری کۆبوونەیە.**
**وشەی زانستی[زانستیی] ش کە لە پەنای‌داندراوە، ناتوانێ گرێکە بڕەوێنێ. لەبەر ئەوە زاراوەی ''زانستی ''لە کوردیی‌دا ئەو مانایەی نییە کە لە زمانی عەرەبیی‌دا هەیەتی. کۆڕی کوردیزانان، فەرهەنگستان، کوردولۆژیی یان کۆڕی زانیاریی ناوەندی کوردییناسیی، کۆڕی پسپۆڕانی زمانی کوردیی، دەکرێ بۆ شوێنێکی ئەو تۆ لەلایەن فەرهەنگستانەوە پەسند بکرێ.**

**قەیرانی زمان؟!! مەبەست لە قەیرانی زمان چییە؟ نەدیارە. زمانی کوردیی قەیرانێکی تێدانییە. قەیران لە زانیاریی کوردیینووسان‌دایە نە لە زمانی کوردیی‌دا.**
**''ڕێنوسە[ ڕێنووس] ە ئەستانداردەتە ساوەکە'' ی نووسەر مانای چییە و چ زمانێکە ؟**
**وشەی'' ستاندارد'' لە زمانی ئینگلیزیی و ئاڵمانیی‌دا بە '' ستاندارد'' دەنووسرێ و دەخوندرێتەوە. لە زمانی فەرەنسیی‌دا دال لە کۆتایی وشەکەدا ناخوێندرێتەوە، چونکە بزوێنی نییە و '' ستاندار'' بێژە دەکرێ. لەو دێرەدا کە نووسەری حکومەت نووسیویە مەعلووم نییە ، ئەو'' ئە'' یەی سەرەتا و ''ە تەکەی'' ئاخریی لە کوێ‌هێناوەو مەبەستی لە وشەی '' ساوەکە'' چییە؟ ڕەنگە مەبەستی لە وشەی'' ساوە'' ساوا بووبێ.**
**نووسەر بۆ ئەو دوولاپەڕەیەی نووسراوەکەی تەنیا یەک خاڵی کۆتایی‌داناوە.**
**زاراوەی سۆرانیی باشووری کوردستان بە گوێرەی نووسراوە ڕەسمیی و حکوومیی‌یەکان تەنیا زاراوەیەکە کە خاڵبەندیی نەگەرەکە. بڕوانە دەقی پێشەکیی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان'' و ئەو نووسراوەیەی حکومەت کە لەبەر دەستتان‌دایە!**
**سەرجەمی ئەو درێژدادریی‌یە بخوێنیەوە دێرێکی تێدا نییە کە منداڵێک نەیزانێ.**

نووسەر جیاوازیی زمان و دیالێکتی ( زاراوە) لەبەر چاو نییە. پێی‌وایە ئەگەر سەرۆکی حکومەت بڕیاری‌دا کە فلانە زاراوە زمانی ڕەسمیی بێ، ئیدی زمانی یەکگرتوو دروست بووە. زمانی چیرۆک، شێعر، فەلسەفە و زانستە جۆراوجۆرەکان لەپرۆسەیەکی دوورو درێژی چەندین دەساڵە و لە فێرگەکاندا شکڵ دەگرن. فێرکراوان لەگەڵ خۆیان دەیانبەنەوە نێو بنەماڵەو کۆمەڵگە. لە کۆمەڵگەدا پەرەدەستێنێ و ئاڵ و گۆڕیان تێدا دەکرێ.

زمانی کوردیی لە هەموو ، زاراوەکانی پێک دێ. زمانی کوردیی بە هۆی لەبەریەکترازانی خەلکەکە، نەبوونی پەیوەندیی و دابەشکردنی وڵاتەکەی، ژیانی کۆچەریی، چۆڵ نشینیی و دواتر گوند نشینیی لە پێنج شوێن‌دا پەروەردەکراوە. لەبەر ئەوەیە کە 5 دیالێکتی ئەوزمانە کە هەرکام بە هۆی گەشەکردنیانەوە وەکو زمانێکی سەربەخۆیان لێهاتووە لە پێنج شوێنی کوردستان پەرەی گرتووە. گەشەکردوویی ئەو زاراوانە ئەو گومانەی بۆ هێندێک لە بیانیی‌یەکان دروست کرووە کە دوو زاراوەی ئەو زمانە بە زمانی سەربەخۆی نەکوردیی پێناسەبکەن. لەلایەکی دیکەوە باس‌کردن لەوە کە فلانە زاراوە زمانی کوردیی‌یە و زاراوەکانی دیکە بە نەبوو دابندرێن لەڕوانگەی سیاسیی‌یەوە هەڵەیەکی

گەورەیە. ئەوە سیاسەتی داڕێژراوی کەمالیستەکان، پانئیرانیستەکان و شوینیستەکانی عەڕەبە کە خوازیاری دابەشکردنو لێکبڵاوکردنی کوردن.
مخابن ئەوزاراوەیەی لە باشووری کوردستان پێیدەنووسرێ و لە مێدیاکاندا برەوی پێدەدرێ، نەخۆش، سەقەت و ناتەواوە و شیاوی ئەوە نییە بە زمانی یەکگرتوو و ستاندارد پێناسە بکرێ.

نووسەری حکومەت لەو وتارەدا ئەو مافە بە خۆیدەدا بە نووکەقەڵەمێک بەشێکی نەقوستانی شێوەزاری زمانی کوردیی بکاتە زمانی سەرەکیی و بەشەکانی دیکە بە نەبوو دابنێ. کام داک و باو بۆ تێرکردنی گەدەی زارۆکێکیان 4 زارۆکی دیکەی خۆیان لە برسان دەکوژن؟ ئەوە رێگە چارە نییە و زمانی یەکگرتوو بەو شێوەیە دروست نابێ. بۆ یەکگرتوویی زمان زەمان پێویستە. ئەوەش کاتێ وەدی دێ کە کوردستان یەکپارچەبێ. ئەو کاتە زمانی پڕانیی و گەشەکردووی خەلک لە پڕۆسەیەکی 20 ساڵەی ( قوتابخانە تا کۆتایی خوێندن لە زانستگە) کاری بەردەوامی بۆ دەکرێ. ئەوەی لە قوتابخانەکاندا فێردەکرێن دەچێتە نێو بنەماڵە و دام و دەزگاکان و پەرەی پێدەدرێ. دەبرێنە نێو کۆمەڵگا و لە مێدیاکاندا دەخرێنە سەر زارو زمانان. ئەزمونی ئەو پڕۆسەیە لە رەوتی گەشەکردن و یەکگرتوویی زمان لە وڵاتانی ئاڵمانی زمان و فەرەنسی زماندا دەبیندرێ. کوردیش لە دادێیەکی نەدووردا و بە کەلکوەرگرتن لە ئەزموونی گەلان ئەو ڕێیە دەبڕێ.

دەقی نووسراوەکەی نووسەری حکومەت لە و ئادرێسەی ژێرەوەدا بخوێنەوە!
http://www.krg.org/articles/detail.asp?rnr=80&lngnr=13&smap=01010300&anr=10775

**حەسەن ئەیوبزادە**
**2009/9/24**